**جەبار جەمال غەریب:**

# زۆر لەو نووسەرانەی لەناو ئەدەبی کوردیدا بەرزبوونەتەوە، هێزێکی گەورەی سیاسی لە پشتیانەوە بووە..!!



**سازدانی/ دانا فایەق- کامەران سوبحان**

**پەیوەندیی نێوان نووسەرو خوێنەر لەلایەك و کتێب و خوێنەر لەلایەکی ترەوە، کەمبوونەوەی خوێنەری جددیی و کەمفرۆشیی کتێبە جدییەکان و مانەوەیان لە بازاڕدا بەو تیراژە کەمەوە، ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە دروستکردنی خوێنەرداو پشتگوێخستنی هەندێ نووسەرو تیشکخستنە سەر هەندێکی تریان لەلایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە، کاریگەریی خێزان و دەزگاکانی پەروەردە لە خۆشەویستکردنی کتێب هەر لە قۆناغەکانی منداڵییەوەو ڕەنگدانەوەی ئەو کاریگەرییە لە قۆناغەکانی دواتری تەمەنداو چەند تەوەرێکی تر لەبارەی (خوێنەرو کتێب)ەوە بابەتە سەرەکییەکانی ئەم دیدارەمانە لەگەڵ چیرۆکنووس و نووسەر (جەبار جەمال غەریب)دا:**

***سەرەتاکانی نووسینت بە شێوازێکی قورس و ئاڵۆز لە رووی زمانەوانییەوە دەستپێدەکات، بەڵام دواتر هەست دەکەیت ئەو زمانە وردەوردە سادە دەبێتەوە، قورسیی ئەم زمانەی تۆ لە سەرەتادا وایکرد کۆمەڵێکی زۆر خوێنەرت لێ بتۆرێ و لێت دوور بکەونەوە، ئایا ئەم ئاڵوگۆڕەی زمان و ئەم سادەکردنەوەیەی دواتر بۆ ئەوە بوو خوێنەرە تۆراوەکانت ئاشت بکەیتەوەو دابەزینت بوو بۆ ئاستی ئەوان، یاخود چیتر قەناعەتت بەو شێوە نووسینە نەماو بە پێویستت زانی شێوازی نووسینت بگۆڕی؟**

-ئەم پرسیارە پرسیارێکی زۆر گرنگ و جدییە بە نیسبەت من و کارەکانی منەوە، بە نیسبەت خەڵك و خوێنەرەوە ڕەنگە ئەو گرنگییەی نەبێ. من لە شێوازی نووسینی چیرۆکدا، باوەڕم بە ئەزموون هەیە لە چیرۆکدا،

واته دەبێ ئەزموونت هەبێ لەو بوارەدا، چۆن لە شانۆو سینەمادا مرۆڤی (فلات) هەیە، لە ژیانیشداو بەتایبەتی لە ژیانی ئەدەبیدا نووسەری (فلات) هەیە، نووسەری فلات ئەو کەسەیە، کە بە رستەیەك دەستپێدەکات، لە سەرەتای ژیانییەوە بە زمانێك و شێوازێك دەستپێدەکات، کۆتایی ژیانیشی هەر بەو زمان و شێوازەیە. چیرۆکەکانی سەرەتای گەنجێتیی چۆن نووسیوە چیرۆکەکانی کۆتاییشی بەهەمان زمان و شێواز دەنووسێ، ئەوە حوکمی مەعریفەییە بەسەر مندا، کە ناتوانم لە ئاستێك و شوازێکدا بوەستم، یان هەموو بیرکردنەوەی خۆم لە شێوازێکی زماندا بکوژم. ئەگەر قسە لەسەر زمانی چیرۆکەکانم بێت، ئەو ئاڵۆزییەی ئێوە باستانکرد، ئەشێ ئاڵۆزی تەنها زمان دروستی نەکات، ئاڵۆزی بەشێکی زمان دروستی دەکات، بەشێکی فۆڕم دروستیدەکات، بەشێکی شێوازی بیرکردنەوە دروستیدەکات، هەموو ئەمانە بەشدارن لە دروستکردنی شێوازێکی ئاڵۆزدا، بەڵام ئاڵۆزی بۆ؟ ئایا ئەو ئاڵۆزییە پەیوەندیی بە خودی چیرۆکەکەوە هەیە؟ ئەو ئاڵۆزییە لە ناو چیرۆکەکەدا سەری دەرهێناوە؟ یان ئەو ئاڵۆزییە تۆی خوێنەری، کە پێی دەبەخشی؟ چونکە هەمیشە دونیا یەك شێوەی نییە، ئەو شێوەیەیە، کە تۆ دەیدەیتێ، ئەمە تۆی بڕیاردەدەی ئەو چیرۆکە ئاڵۆزە، ئەمە تۆی بڕیار دەدەی هەولێر پڕ تەپوتۆزە، ئەمە تۆی بڕیاردەدەی فلان شاری فەرەنسا جێگایەکی ئاوەدان و خۆش و پڕ کچی جوانە.. هەمیشە وەهمی مرۆڤ لە واقیعی قوڵترە، واتە مرۆڤ بەشێکی زۆری تەمەنی لە وەهمدا تەواو دەکات، خەیاڵی مرۆڤ بەشێکی زۆری ژیانی داگیرکردووە نەك واقیعی ژیان، تۆ هەمیشە لە واقیعدا بەکاتی هەیت، ئێستا لەگەڵ مندا بە کاتی دانیشتوویت و خواخواتە زوو چاوپێکەوتنەکەمان تەواوبێ و زوو بچیتە ژێر لێفەکەت و لەگەڵ خەیاڵەکانی خۆت خەریك بیت، یان ئەو شێوازە ژیانەی خۆت دەتەوێ مومارەسەی بکەیت، کە هەرگیز تووشی نابی بە واقیع، بە هەمانشێوە لە چیرۆکیشدا من باوەڕم بەوە هەیە. من کاتێك دەنووسم بیر لەوە ناکەمەوە بە ئاڵۆزی بنووسم، بەڵکو بیر لەوە دەکەمەوە، کە ئەو بابەتە دەگاتە خوێنەر.. بەڵام کەی؟ ئەوکاتە دەگات، کە تۆی خوێنەر ئەو دەقیقەیەی پێویستە لە خوێندنەوەی چیرۆکەکەدا سەرفی بکەیت، سەرفی بکەو بە فیعلی خۆت تەسلیمی چیرۆکەکە بکە، من بەڵێنی ئەوەت دەدەمێ تۆ بۆ نیو سەعات خۆت تەسلیمی چیرۆکەکەی من بکەی، ئەم چیرۆکە بۆ کۆتایی ژیان تەسلیمی تۆ دەبێ و بە درێژایی تەمەن لەگەڵتدا دەژی. من چاو لەوە ناپۆشم لە هەندێك چیرۆکمدا، بەتایبەتی لە (ژنانی ئاو، چناری شێر، شێخی داموس)دا، زمان تا دوا ئاستی بەرز بۆتەوەو کاریکردووە، ئەوەندەی لەناو زماندا ژیاوم لەو سێ چیرۆکەدا، هەرگیز لە ژیانی فیعلیی خۆمدا نەژیاوم، بەڵام کۆمەڵێك نووسەر بەردەوام گلەییان هەیە، دەڵێم نووسەر -نەك خوێنەر، چونکە هەمیشە خوێنەرەکان تا ڕەگی قووڵی چیرۆکەکان قوڵ بوونەتەوە-. من دوو جۆری زۆر جیاوازم لە خوێنەر هەیە وەکو ئەزموونی خۆم، کۆمەڵێکیان ئەو مرۆڤە خوێنەرە سادانەن، کە تەنها لە خوێندنەوەدا یەکتری دەناسین، کۆمەڵێکیشیان بریتین لەو ئەدیب و نووسەرانەی لە ژیانی کۆمەڵایەتیشدا هاوبەشی ژیانی یەکتر دەکەین، بەردەوام ئەدیب و نووسەرەکان گلەیی ئەوەیانکردووە، کە زمانەکەی من قورسەو ئاڵۆزەو خوێنەر دەکاتە دەرێ، بە تایبەتی لە سلێمانی ئەو گلەییەم زۆر لێکراوە. من نازانم لە کاتێکدا لەوپەڕی شیعرییەتدا بۆی دەنووسم، بۆچی خوێنەر دەکاتە دەرێ؟ وا نییە. من دەیان خوێنەری جددیی گەنجت پێ دەڵێم، کە عاشقی ئەو زمانەی منن و نامەم بۆ دەنێرن و لێم دەپرسن، بۆچی بەو زمانە قورسە نانووسم؟ من لێرەدا دەمەوێ باسی شتێکی تر بکەم، ئەویش ئەوەیە تۆ ناوی شتێکت هێنا، بەوەی کە زمانەکە سادە بۆتەوە، بەڵام من دەستەواژەیەکی ترت بۆ زیاددەکەم و دەکرێ بڵێین زمانەکە شەفاف بووە، ڕەنگە بپرسی جیاوازی چییە لە نێوان سادەو شەفافدا؟ بەلای منەوە ئەوە زۆر گرنگە،

زمانی ساده بریتییە لە بەکارهێنانی زمان لە نزمترین ئاستی خۆیدا، واتە تۆ چۆن ئەچی شت ئەکڕی، هەرەشە لە منداڵەکەت دەکەی، گاڵتە لەگەڵ هاوڕێکەت ئەکەی،... ئەوانە بەکارهێنانی زمانن بەوپەڕی سادەیی، بەڵام شەفاف مانایەکی تری هەیە... رستەی شەفاف لە هەر خوێندنەوەیەکی تردا مانایەکی ترو تازەت دەداتێ و هەر تاکێکیش بەپێی ئاستی رۆشنبیریی خۆی لێکدانەوەیەکی جیاوازی هەیە بۆی. من حەزدەکەم شەفاف بموە، چونکە هەستدەکەم جیلێك بەڕێوەیە لەو شەفافییەتە تێدەگات و چاوەڕێی ئەو شەفافییەتە دەکات.

***کەواتە تۆ زۆر حساب بۆ خوێنەر دەکەیت لە کاتی چیرۆکنووسیندا؟**

-من ناتوانم بڵێم حساب بۆ خوێنەر ناکەم، ئەمە شتێکی زۆر قورسە، بەڵام هەرگیز حەزناکەم لەسەر ئاستی بیرکردنەوەی خوێنەر بونیادی زمانی خۆم بنێم، بەڵام حەزدەکەم لە شوێنێکدا ئەگەر بیر زۆر ئاڵۆزبوو، بە زمانێکی شەفاف دەریببڕم، من دڵنیام لەدوا رۆمانمدا (لەسەر باران دەنووسم) بە زمانێکی لە رواڵەتدا شەفاف نووسیومە، بەڵام لە پێکهاتەی نووسینەکەدا زمانێکی زۆر قووڵە.

***بەر لەوەی دەست بەم دیدارە بکەین باست لە رۆڵی راگەیاندن کرد لە دروستکردنی خوێنەردا، ئایا تۆ مەبەستت ئەوەیە ئەمڕۆ بەشێك لە راگەیاندن تیشکێکی زۆری لەسەر هەندێ کتێب و نووسەرو ناوە، ئەمە بۆخۆی بازاڕێکی گەورەی بۆ دروستدەکات، بەڵام هەندێك نووسەری جددیش هەیە، کە رەخنە ئاوڕی لێ نەداونەتەوەو راگەیاندنیش بێدەنگە لە باسکردنیان؟**

-بەلای منەوە لە هەموو حاڵەتێکدا دروستکردنی خوێنەر کارێکی باشە، ئەگەر بە ناهەقیش بێت، واتە ئەگەر تیشك بخرێتە سەر ناوی خراپترین نووسەر، بەڵام لە پشت ئەو تیشك خستنەسەرە خوێنەر دروست بێ کارێکی باشە...

***بەڵام زۆرجار پڕوپاگەندە بۆ بەرهەمی زۆر ناجددی دەکرێ. ئایا تۆ لەگەڵ ئەوەدای خوێنەر دروستکرێ بۆ خوێندنەوەی ئەو بەرهەمە نا جددییانە؟**

-ئەدیبی کوردی هەمیشە بە دوای ئەوەدا گەڕاوە رەمزێك دروستبکات، بۆ نموونە فلان چیرۆکنووس تاکە چیرۆکنووسی کوردە، کورد زۆر سەرشێتی ئەو حاڵەتەیە! فلان شاعیر کەڵە شاعیرو یەکەم شاعیری کوردە، ئەمە هەندێکجار رەنگە لایەنێکی باشی هەبێ، کە نووسەرێکی پێشخستووە. ئێمە لەگەڵ تەواوی رێزماندا بۆ ئەو چیرۆکنووس و شاعیرانەی ئەو ناوەیان بەرکەوتووە، بەڵام لە بەرامبەریشدا کۆمەڵێك نووسەری جددی فەرامۆشکراون. بۆ نموونە، لە حەفتاکاندا چیرۆکنووسێکی وەکو (محەمەد مەولوود- مەم) پشتگوێ دەخرێ، کە یەکێکە لە چیرۆکنووسە هەرە جدییەکانی کورد. (حەسەنی قزڵجی) تیشکی ناخرێتە سەر، کە دەتوانم بڵێم باشترین چیرۆکنووسی کلاسیکی کوردە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کورد تا ئێستا لە دوو کایەدا ئیشیکردووە، یەکەم، کایەی سیاسی.. زۆر لەو کەسانەی لەناو ئەدەبی کوردیدا بەرزبوونەتەوە هێزێکی سیاسیی گەورە لە پشتیانەوە بووە، ئەو هێزە سیاسییە هەمیشە پێویستی بەوە بووە پاڵەوانێکی ئەدەبیش دروستبکا، واتە ئەدەب هەمیشە رتووشێکە بۆ جوانکردنی سیاسەت، بەو مانایەی سیاسییەکان کاتێك ویستوویانە خۆیان گەورە بکەن، حزبەکان کاتێك ویستویانە حزبێکی جەماوەری بن، هەوڵیان داوە ئەدیبەکان لەگەڵیاندابن، هەوڵیانداوە ئیحتیوای کەسە ئەدیبەکان بکەن، هەوڵیانداوە چیرۆکنووسەکەیان یەکەم چیرۆکنووسی کورد بێ، وەك چۆن سەرکردەکەیان دەبێ یەکەم سەرکردەی کورد بێ و سیاسەتەکەیان جوانترین سیاسەتی کورد بێ... ئەوە چەند بۆ سیاسەت باشبووە، بۆ دروستکردنی هونەرێك، کە لەسەر ئەساسی جوانناسی حسابی بۆ بکرێ، ئەوەندە بەخراپ

شکاوەتەوەو ئەوەندە غەدرێکی قوڵ لە ئەدەبی جددی کراوە، ئەوەندەش ئەدەبی تووشی جۆرێك لە تەمبەڵی کردووە، واتە تۆ گەورەترین شاعیری کورد دەبینی لە رۆژنامەو رادیۆدا پڕوپاگەندەی بۆ دەکرێ ئەوە چییە شیعرێکی نووسیوە، کاتێك شیعرەکەش دەخوێنیتەوە دەبینی شیعرێکی زۆر سادەیە، ئەمە وایکردووە جیلێك بەدوای ئەو سادەیی و بێ ماناییەدا بڕۆن.

## *کەواتە لەمکاتەدا راگەیاندن رۆڵی خراپی هەیە؟

-تا ئێستا لە قسەکانی مندا باس لە رۆڵی راگەیاندن نەکراوە، بەڵکو باس لە رۆڵی راگەیاندنی حزب کراوە، بۆ نموونە باس لە شەستەکان و حەفتاکان و هەشتاکانم کرد، کە ئەوکاتە حزب بۆ خۆی راگەیاندنی بوو، بەڵام ئەمڕۆ راگەیاندن رۆڵێکی دیاری هەیە لە ئاراستەکردنی خوێنەری کوردیدا، خوێنەری کوردی ئەمڕۆ چەواشە بووە، بە واتایەکی تر گروپکارییەك لەوەدا دروستبووە، کە فلان نووسەر باشترین نووسەرە، خوێنەری ئەمڕۆش چ مۆدێلێکە؟ مۆدێلی بیرکردنەوە لە خوێنەردا، مۆدێلی بیرکردنەوە لە هەڵبژاردنی بابەتدا.. پەیوەندیی خوێنەر بە مۆدێلی ژیانەوە چییە؟ بەلای منەوە ئەمە شتێکی زۆر ئەساسییە.

ئێستا مۆدێلی ژیانی ئێمە چییە؟ ئەو مۆدێلی ژیانە پەیوەندیی بە مۆدێلی خوێندنەوەوە چییە؟ راگەیاندن رۆڵێکی سلبی و زۆر خراپی هەبووە لێرەدا، هەمیشە ویتسوویەتی لە بەرامبەر بەرزکردنەوەی هەندێك کەسدا، کۆمەڵێکی تر فەرامۆشبکات، هەوڵی داوە وەکو جەللادێك کاربکا، دابەشکردنی خەڵاتیش لە شوێنێکدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، بۆ نموونە تۆ لە رۆژنامەکەتدا کەسێك خەڵات دەکەی لەبەر ئەوەی باشترین رۆماننووسی تۆیە، باشترین چیرۆکنووسی تۆیە، باشترین شاعیری تۆیە...... لە پشت هەموو خەڵاتکردنێکەوە روحییەتی جەللادێك هەیە بۆ کوشتنی ئەوانی تر. دەکرێ بپرسین ئەم جیاکارییە لە پێناوی چیدایە؟ ئەگەر لە پێناوی وشەو زیباناسیدایە، زیباناسی و وشە لە کەسێك و دوو کەسدا کۆنابێتەوە، ئەمە قسەی من نییە. تۆ بتەوێ کولتووری نووسین و خوێندنەوە پێشبخەی و لە بواری رۆشنبیریدا رۆڵت هەبێ، لە چەند کەسێکدا ناتوانی ئەو کارە بکەی، کەسێك ناتوانێ رۆشنبیریی میللەتێك بە ئاراستەیەکدا بگۆڕێ، با لێرەدا باس لەو خاڵە بکەین، کە مۆدێلی ژیان پەیوەندیی بە مۆدێلی خوێندنەوەوە چییە؟

تۆ کچێك بهێنەرە بەرچاوی خۆت، ئەو کچە تا ئێستا جوانیناسییەکی بۆ رەنگ نییە. نازانێ، کە رەنگی سپی لەگەڵ شینی کاڵدا دەگونجێ بۆ ئەوەی تەنوورەکەی سپی و کراسەکەی شینێکی کاڵ بێ، نازانێ رەنگی رەش لەگەڵ جەرگیدا دەگونجێ.. ئەم شتانە نازانێ، بەڵام لە مۆدێلاتی ناو رۆژنامەو تەلەفزیۆنەکاندا دەیبینێ و هەستدەکات شتێکی جوانە، ئەویش یەکسەر بەدوایدا دەگەڕێ و دەیکڕێ. ئەو زانیارییەکی قووڵی بۆ رەنگ نییە، بەڵام بەدوای جوانترین مۆدێلدا دەگەڕێ و دەیەوێ بەتەواوەتی کچێکی مۆدێرن بێت، دەیەوێ لە گەڕەکەکەیاندا بڵێن فلان کەس دوا مۆدێل جل دەپۆشێ و دوا عەتر بەکاردەهێنێ و بە تازەترین شێوە قژی دەبڕێ.. ئەمە پەیوەندیی بە خوێنەرەوە چییە؟

بە راستی خوێنەری ئەمڕۆ لەگەڵ ئەوەی من بەشێکی زۆریان جیادەکەمەوەو دواتر قسەیان لە بارەوە دەکەم و پێیان دەڵێم (خوێنەرە جدییەکان)، ئەوان جیان لە (خوێنەرە هەرەمەکییەکان). خوێنەرە هەرەمەکییەکان ئەو خوێنەرانەن، کە لە رێگەی رۆژنامەکانەوە تووشی خوێندنەوە دەبن و بۆ خۆیان بیرکردنەوەیەکیان نییە بەرامبەر بە کتێب و ئەدەب و جۆری ئەو چیرۆك و رۆمانانەی دەیخوێننەوە. یەکێك لە خەتەرترین حاڵەتی خوێندنەوە ئەوەیە، کە هەڵبژاردنت نەبێ، ئینجا ئەو کەسە نووسەرێکی دیاربێ یان خوێنەرێکی ئاسایی. خوێنەری هەرەمەکیی ناو

ڕۆژنامە کێیە؟ ئەو خوێنەرە هەرەمەکییەیە، کە بەدوای جۆرێك لە سەرکێشی و فەوزادا دەگەڕێ، ئەو خوێنەرە لە عومقی خوێندنەوەوە نەهاتووە، بە ناخیدا شۆڕبەوە دەبینی لەلای ئەو وشە ئەو گرنگییەی نییە، ئەو لە (نالی)یەوە نەهاتووە بۆ ئێستا و نازانێ (مەحوی) کێیە، نازانێ (بێسارانی) چیی کردووە، نازانێ کاتێك (سالم) باسی شەخسەکەی پیر مەنسوور دەکات چ ئازارێکی کێشاوە.. ئەو بەسەر هەموو ئەوانەدا بازی داوەو وەك چۆن کچەکە دەیەوێ دوا مۆدێلی جل لەبەربکات، ئەم خوێنەرەش بەهەمانشێوە دەیەوێ دوا مۆدێلی خوێندنەوەی هەبێ... گرنگ نییە ئەو خوێندنەوەیە چەند لە هەستی ڕۆشنبیری و ئیستاتیکیی ئەو ئەباتە پێشەوە، بەڵکو تەنها ئەوە بەلایەوە گرنگە، کە دواشت بخوێنێتەوە، ئەو شتەی ڕۆژنامە پێی دەڵێ. ئەو خوێنەرە بۆ خۆی خۆی سڕیوەتەوەو بەدوای پاڵەواندا دەگەڕێ بۆ ئەوەی خۆی تیا ببینێتەوە، چونکە خۆی ناتوانێ جارێکیتر بیربکاتەوە! ئەمە نەخۆشیی ڕاگەیاندنە، ڕاگەیاندن هەمیشە خوێنەرێکی بەرەلاو پۆخڵەواتت بۆ دروستدەکات، خوێنەری جددیش هەیە لە ژوورەکەی خۆیدا دانیشتووە، بەبێ ئەوەی بتناسێ لە عومقی خوێندنەوەی تۆدا بیردەکاتەوە، ئەو خوێنەرە ئینسانێکە لە پۆلەکەی خۆیدا بەتەنها دانیشتووە، هەمیشە کتێبەکانی هەڵگرتووەو بە پەنا دیوارێکدا دەڕوا.

من کاتێك لە چوارو پێنجی ئامادەیی بووم دەکرێ بڵێم باشترین خوێنەر بووم لە دونیادا. تاوەکو (کاروان)ێکم دەستدەکەوت بیست جار دەچووم بۆ کتێبخانەکەو دەمپرسی (ئەرێ کاروان نەهاتووە؟) دواتریش کە گۆڤارەکە دەهات لە رووم نەدەهات بچم بیکڕم، چونکە ئەوەندە پرسیارم کردبوو، ناچار بە برادەرێکم دەگوت بۆم بکڕێ. ئەو سەردەمە هەر نووسەرێك بە منی بگوتایە ئاستم لەناو ئەدەبی کوردیدا چییە؟ یەکسەر پێم دەگوت، چونکە من ئەوکات خوێنەری جددی بووم، هەستدەکەم ئێستاش ئەو خوێنەرە ماوە، ئەو خوێنەرە لە کۆلانێك دانیشتووە، ئەو خوێنەرە لە شوێنێك لە ئاستی خۆیدا بیر ئەکاتەوە، ئەو خوێنەرە دەزانێ ئەو ڕستەیەی من شەفافە یان سادەیە.

***باسی نەبوونی خوێنەرت کرد، بەڵام من لە شوێنێکی ترەوە بۆ ئەو نەبوونی خوێنەرە دەچم، هەست ناکەی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا خوێندنەوە نەبۆتە کولتوور؟ ئەگەر وڵاتێکی وەکو (سوید) بکەین بە نموونە، وەك باسدەکرێ هەر لە قۆناغی باخچەی ساوایانەوە منداڵ فێردەکرێ بخوێنێتەوە، بەڵام لای ئێمە دەگاتە شەشی ئامادەیی ڕۆمانێکی نەخوێندۆتەوە (هەڵبەت من باسی کەسێکی شازت بۆ ناکەم، بەڵکو بە گشتی قسە دەکەم)، ئایا هەست ناکەی خوێندنەوە پەیوەندیی بە پەروەردەوە هەیەو دەبێ سیستەمی پەروەردەمان ڕێکبخەینەوە بۆ ئەوەی خوێنەری گشتی دروست ببێتەوە؟**

-ئەگەر بە تەواوی باس لە کولتووری خوێندنەوە بکەین ڕەنگە کاتێکی زۆر زۆرمان بوێت، ئەوەی تائێستا بۆم باسکردوون شتێکی حازر بەدەستە بۆ ڕۆژنامە، بەڵام ئەگەر بەکورتی باس لە کولتووری خوێندنەوە بکەین، کولتووری خوێندنەوە لە دروستکردنی ماڵی کوردییەوە دەستپێدەکات. تۆ سەیرکە لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا لە (هەولێرو سلێمانی) بە دەیان بینای گەورەگەورەو ئاپارتمان و باڵەخانە دروستکراون، خەڵك هەیە (٥٠)دەفتەر (١٠٠)دەفتەر دۆلار لە دروستکردنی خانووەکەیدا سەرفدەکات و هەموو شتێکی تیادا دروستدەکات، زوو بیر لەوە دەکاتەوە شووشەواتەکانی لەکوێدا نمایشبکات، گەراجەکەی گەورەبێت و جێگای چەند ئۆتۆمبیلێکی

تێدابێتەوە، مەلەوانگەی تیا دروستبکات، تەنها بیر لەیەك شت ناکاتەوە ئەویش دروستکردنی (کتێبخانە)یە، ماڵی کوردی یەکێك لەو شتانەی نییەتی کتێبخانەیە (مەگەر بە دەگمەن)، کە شوێنی کتێبخانەش نەبوو واتا ئەو منداڵەی لەو ماڵەدا لەدایك دەبێ کتێب نابینێ. تا ئێستا کتێب نامۆیە بە ماڵی کوردی. من کە سەفەر بۆ شوێنێك دەکەم یان سەردانی ماڵە خزمێك دەکەم هەست دەکەم زۆر غەریبم بەو شوێن و ماڵە، لەوێ (جەبار) وەکو کوڕی پوور یان ئامۆزا یان خاڵۆزا یان کەسێکی لەو جۆرە دەناسن، هەرگیز وەکو کەسێکی نووسەر یان لە ئاستی خوێندنەوەدا گفتوگۆ ناکەن، لەو ماڵانەدا کتێبی لێ نییە، بە ڕێکەوت ڕۆژنامە دەستدەکەوێ، واتە لە سیستەمی ماڵی کوردیدا (کتێب)ت نییە، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە، کە بەلای منەوە زۆر زۆر گرنگە ئەویش قوتابخانەیە، ئێمە باسی پێش ڕاپەڕین ناکەین، چونکە قۆناغی سەردەمی بەعسە، بەڵام لە دوای ڕاپەڕینەوە قوتابخانە زۆر بە جددی بۆتە دوژمنی سەرەکیی خوێندنەوە!. با بزانین لەکوێدا قوتابخانە دوژمنی خوێندنەوەیە؟ هەڵبەت لە چەند شتێکدا، یەکەم: لە مەنهەجەکەیدا، لەو ماددانەدا کە دەخوێندرێن، کتێب لەوێ شتێکی ڕەزا قوورسە، کتێبێکی کۆنە، زانیاریی تێدا نییە، بە شێوەیەکی زۆر قوورس ئەدرێ بە قوتابی. دووەم: مامۆستا دەیەوێت ئەم مەعریفەیەی، کە لە کتێبدا هەیە بە زۆر بیدات بە قەتابی، لەسەر ئەو مەعریفەیە لێدان ئەخوات، نمرەی لێ ئەشکێ، سووکایەتیی پێ دەکرێ، جنێوی پێ دەدرێ.. سێیەم: سیستەمی پەیوەندی لە نێوان قوتابی و مامۆستادا، بۆ نموونە، قوتابی سەیر دەکات مامۆستا سەرچاوەی خوێندنەوەو کتێبە (کە لە بنچینەدا وا نییە) ئەو مامۆستایە (کە نوێنەری کتێبە) نەیتوانیووە پەیوەندی لەگەڵ قوتابییەکەیدا دروستبکات، ڕێکی نەخستۆتەوە، بۆیە ئەوانە هەموو هەیبەتی کتێب و خوێندنەوەیان شکاندووە، لە قوتابخانەی کوردیدا وانەیەك نابینی چیرۆکی تێدا بخوێندرێتەوە، وانەیەك نابینی چیرۆکی منداڵانی تێدا بخوێندرێتەوە. لە ڕاپرسییەکدا، کە خۆم لە نێوان (٥٠) مامۆستای ئامادەییدا کردم لێیانم پرسی، کێ لەماوەی (١٠) ساڵی ڕابردوودا کتێبی خوێندۆتەوە؟ (هەڵبەت من ئەوەندە بێ ئەقڵ نیم بپرسم، دوێنێ کتێبت خوێندۆتەوە؟، چونکە ئەزانم نەیخوێندۆتەوە) لەو (٥٠) مامۆستایە، تەنها (سێ) مامۆستا دەستیان بەرزکردوە، یەکێکیان وتی: من کتێبێکم خوێندۆتەوە، نازانم ڕۆمان بوو یان چیرۆك، کەسێك بە میوانی هاتبوو بۆ ماڵمان و لێی بەجێ مابوو!. دووەمیان وتی: من سێ جار قورئانم خەتم کردووە!. سێهەمیشیان وتی: هەر کتێبێ دەرچێ لەسەر (چۆنێتیی چێشت لێنان) زۆر باش دەیخوێنمەوە!... باوەڕتان بێ لەو ڕاپرسییەدا نەمدەویست ژمارەی ئەو مامۆستایانە بزانم، کە کتێب دەخوێننەوە، بەڵکو ئەمویست پێیان بڵێم لە سیستەمی ئەمڕۆی فێربووندا (دار) مۆدێلی نەماوە، ویستم لە شوێنێکەوە پەیوەندی دروستکەم لەگەڵیاندا و وتم خوێندنەوە باشترین شتە، بەڵام ئەنجامەکەی بەو جۆرە بوو! بۆیە سیستەمی وڵاتی ئێمە، چ سیستەمی کۆمەڵایەتی و چ سیستەمی پەروەردەیە دژایەتییەکی سەیری خوێندنەوە دەکەن، خوێندنەوە وەکو شتێکی نامۆ سەیردەکەن و ئەو پارەکەی خوێنەرێك دەیدات بە کتێب وەك پارەیەکی لەدەستچوو حسابی بۆ دەکەن، دەوڵەتیش هەرگیز پشتگیریی کەسێك ناکات، کە کتێب چاپدەکات، ئەیەوێت فێری سواڵکردنت بکات، ڕێز لێنانت بداتێ، ناڵێ ئەو کتێبەی بە نیازی چاپی بکەیت لە سەدا پەنجایت لێ دەکڕمەوەو ئەینێرم بۆ کتێبخانەکان، بۆ ئەوەی خوێندنەوە بەرەو پێشەوە بڕوا.

***ئێمە باسی چەند دەزگاو دامەزراوەیەکمان کرد، کە هاندەرنین بۆ بەرەو پێشبردنی خوێندنەوە، بەڵام زۆرجار هەمان کێشە لە ماڵی نووسەرەکانیش بەدی دەکرێ، کچ و کوڕی زۆرێك لە نووسەرەکانی کورد ڕقیان لە کتێبەو نامۆن بە خوێندنەوە، واتا نووسەرەکان کاریگەرییەکی زۆر کەمیان هەیە تەنانەت لەسەر**

**خێزانی خۆیشیان، ئەمە جگە لەوەی لە ناو نووسەرەکانیشدا خوێنەری جددیمان زۆر کەمە، ئەمە هۆکارێکی تر نییە بۆ نەبوونی خوێنەر؟**

-من حەزناکەم نووسەر تەنها لە شوێنێکدا باسبکرێ، وەکو تاوانێکی کردبێ، بۆ نموونە، من تاوانم چییە نووسەرم، بەڵام کوڕەکەم یان کچەکەم ناخوێنێتەوە؟

***ئێمە باس لە کاریگەری دەکەین، ئەگەر خوێندنەوە شتێکی باشە، دەبێ تۆ وەك نووسەرێك کاریگەریت هەبێ بۆ گەیاندن و خۆشەویستکردنی ئەو شتە باشە، بەتایبەتی لای منداڵەکانی خۆت...**

-من ناتوانم بە زۆر شت بە منداڵەکانم بخوێنمەوە.

***نەك بە زۆر، بەڵکو بە باسکردنی سوودەکانی کتێب دەتوانی کاریگەریت هەبێ لەسەریان، یان ئەوەیە تۆیش پەشیمانی لەوەی کاتی خۆی خوێنەرێك بوویت و بووی بە نووسەر؟!**

-نەخێر ئەگەر رۆژێك لە رۆژان شانازی بە هەناسەکانمەوە بکەم، تەنها شانازی بەو کاتانەوە دەکەم، کە کتێبم تێدا خوێندۆتەوە، کاتەکانی تری ژیانم، (بێجگە لەو کاتانەی راوو رووتی کچم تیا کردووە) لە هەمووی پەشیمانم!.

***ئەی کە خوێندنەوە ئەوەندە خۆشەویستە لات، بۆچی کاریگەریت نەبووە لەسەر خێزانەکەت؟ هەڵبەت ئەم پرسیارە گەلێك نووسەری تریش دەگرێتەوە؟**

-با پێتان بڵێم.. لە وڵاتی ئێمەدا نوسەریی بووە بە پیشە، واتا نووسەرێك لەبەر ئەوەی لە حەفتاکاندا شیعری بڵاوکردۆتەوەو دواتر بەردەوام بووە، ئیتر کێشەی نییە ئاستی شیعرەکانی چییەو چۆنە؟!. لە وڵاتی ئێمەدا نووسەریی بەوە نییە، کە داهێنەرە، بەڵکو بەوەیە، چەند بەردەوامە لەسەر نووسین و کارەکەی!. نووسەر هەیە لەوانەیە تائێستا بیست دیوانی چاپکردبێ، بەڵام نەبووە بە شاعیر! ئەم کەسە تاهەتایە لەسەر کولتووری شیعری کوردی و ئەدەبی کوردی و فیکری کوردی حسابە، ئیتر تۆ ناتوانی رەفزی بکەیتەوە. ئەم کەسە نموونەیەکی زۆر خراپە لە نموونەی خوێندنەوە، ئەشێ منداڵەکانی هەرگیز بەلای خوێندنەوەدا نەچن، جگە لەمە، ئەوەندەی (کۆمەڵگەو گەڕەك و قوتابخانە) کاریگەرییان هەیە لەسەر منداڵ، ئەوەندە باوك کار لە منداڵ ناکات. من وەکو مامۆستایەك، کە وانە بە قوتابی دەڵێمەوە جیاوازە لەوەی وەکو باوکێك وانە بە کوڕەکەم دەڵێمەوە.

***بەڵام وا هەستدەکرێ گەلێك لە منداڵانی نووسەرەکان، لە ئەزموونی کۆمەڵایەتیی دایك و باوکیانەوە بین بە دوژمنی کتێب و خوێندنەوەو کتێب و خوێندنەوەیان لەبەرچاو بکەوێ. لە بارەی ئەم بۆچوونەوە دەڵێی چی؟**

-حەزدەکەم لە رووی فیکرەوە قوڵتر تەماشای ئەو شتە بکەین، واتە کتێب یان مەعریفە چ کاریگەرییەکی لەسەر دروستکردنی کەسێتیی ئێمە هەیە؟ ئەگەر مەعریفە کاریگەرییەکی باشی هەیە، ئەی بۆچی ئێمە نابینە نموونە بۆ ئەوەی منداڵەکانمان یان کەسە نزیکەکانمان روو لە خوێندنەوە بکەن؟ من لەگەڵ ئەوەدام هەر نووسەرێك ئەگەر ئەو کولتوورە کەڵەکەبووەی باسیدەکات لە خوێندنەوە هەیەتی، یەکەم شت لێی دەپرسم، ئەم کولتوورە تا چەند رەنگیداوەتەوە لە کەسایەتیی ئەودا؟ چەند باوەڕی بە لێبوردەیی و ئینساندۆستی هەیە؟ چەند توانیویەتی کولتووری خۆشەویستی بگەیەنێتە تاکە تاکەی ئەندامەکانی خێزانەکەی؟... لێرەدا دەتوانی ئیدیعا بۆ ئەوە بکەیت، کتێب، کاغەز، نووسین شتێکی باشن، کە ئەوانە توانیبێتیان لە ئینسانییەتی تۆدا شتێك دروستبکەن شایەتی قبوڵکردن بێت لە کۆمەڵگەکەتدا، بەڵام بەداخەوە بەشی زۆری نووسەرەکانمان ئاخنراون بە رق، ئاخنراون

به شەر. ئەو شەڕانەی لە نێوان نووسەرەکاندا هەیە لە کەم شوێن هەیە، تا ئاستی نووسینیشیان بەرزتر بێتەوە، رق و شەڕەکانیان قورسترە، بەشی زۆری خوێنەرانیش نازانن ئەو شەڕانە بۆچی دەکرێن!

*** پێتوایە زۆریی خوێنەر پێوانەبێ بۆ کاری جوان و داهێنەرانە؟**

-من کاتێك دوا رۆمانم چاپکرد (لەسەر باران دەنووسم) رام وابوو، کە (١٠٠٠) دانە بێ لە زۆرترین حاڵەتدا (٢٠٠٠)دانە بێ، بەڵام زۆر لە برادەران داوایان دەکرد (٤٠٠٠ بۆ ٥٠٠٠) دانە بێ. من یەکێکم لەو کەسانەی، کە هەمیشە حەزدەکەم بازنەی خوێنەرەکانم زۆر فراوان نەبێ، چونکە تۆ چەند بازنەی خوێنەرەکانت فراوان بکەیت، ئەوەندە دەبێت لە ئاستی ئەدەبی و فیکری و زمانی خۆت بهێنیتە خوارێ، چونکە تۆ کاتێك شتێك بۆ هەزار کەس دەنووسیت، وەکو ئەوە نییە، کە بۆ (١٠٠)کەس و (٢٠٠)کەسی دەنووسی، لەو هەزار کەسەدا (بە تایبەتی لە کولتووری کوردیدا) خەڵکی جیاوازت هەیە، خەڵکێکت هەیە خوێندنەوە کەمەو خوێنەری جددی نییە، باشە ئەو کەسە چۆن دەتوانێ رۆمانێك بخوێنێتەوە، کە ئیدیعای ئەوەت کردووە باشترین رۆمانە لە ئەدەبی کوردیداو لە ئاستی رۆمانی دونیادایە؟ بۆیە من زۆر لەگەڵ ئەوەدام، کە هەمیشە ئاگام لەوەبێ بازنەی خوێنەرەکانی خۆم ئەوەندە فراوان نەکەم، کە زمان لەدەستم بێتە دەرێ و کۆنترۆڵی ئەو هەموو خوێنەرەم پێ نەکرێ، یان ئەگەر بە شێوەیەکی گاڵتەجارییش بیڵێم، کتێب بە تایبەتی رۆمان کۆبوونی بایعی نییە بە دەست هەموو کەسێکەوە بێ و هەموو کەسێك بۆی هەبێ بیخوێنێتەوەو هەیبێ. زۆرجار خوێندنەوە جۆرێك لە گاڵتەپێکردن بە بابەت دروستدەکات! بۆیە ئەبێت خوێنەرەکان تایبەتمەندییەکیان هەبێ، ناکرێ خوێنەرێك تاکە چیرۆکێکی منی نەخوێندبێتەوە، شارەزای رۆمان نەبێ، کەچی بێت دوا رۆمانی من بخوێنێتەوە، لە سەداسەد ئەم خوێنەرە رۆمانەکەمی بەدڵ نابێ و بە کابرایەکم دەزانێ شێت بووم، چونکە هیچی لێ تێناگات. بۆیە هەستدەکەم خوێنەر پێویستی بەوە هەیە ئەزموونێکی لە خوێندنەوەدا هەبێ، پێویستی بەوە هەیە تاڕادەیەك ئاستی نووسین بزانێ.

ئەوە راستە رۆمانووس کاتێك رۆمانێك دەنووسێت، هەمیشە چاوەڕێی ئەوەی هەیە، کە لای هەموو خوێنەرێك وەستانێك دروستبکات، بەڵام چاویشی لەوە هەیە خەڵکانێك هەبن بە جددی ئەو رۆمانە بخوێننەوە، من وەکو خۆم لە خوێنەرەکانم رازیم و زۆر زۆریش لێیان رازیم، تائێستا ئەوەندەی دەنگدانەوەی نووسینەکانی خۆمم لە بیستۆتەوە، قەت ئەوەندە پێچەوانەکەیم نەبیستۆتەوە، بەڵام فەتوادانی نووسەران لەسەر بابەتێك بەلای منەوە زۆر گرنگ نییە، واتا بەلای منەوە گرنگ نییە کێن ئەوانەی لەسەر رۆمانەکانمیان نووسیوە. ئەمڕۆ گروپکارییەك پەیدابووە، بەوەی من لەگەڵ کۆمەڵێك کەس رێکبکەوم بێن لەسەر رۆمانەکەم بنووسن، ئەوە بەلامەوە فلسێك ناهێنێ. پڕکردنەوەی رۆژنامەکان بە قسەی بێتام و بێ بنەما هیچ لێکەوتەیەك دروستناکات، نە لەسەر ئاستی خوێندنەوەو نە لەسەر نووسەرەکە، بەڵام من ئەوەم بەلاوە گرنگە بۆ نموونە، کە لە رانیەوە چەند کەسێك تەلەفۆنم بۆ دەکەن و پێم دەڵێن قسەمان بۆ بکە لەسەر رۆمانەکەت، چونکە ئێمەیش رۆمانەکەتمان خوێندۆتەوەو دانیشتنی ئەمڕۆمان تایبەتە بە قسەکردن لەسەری. ئەو کەسانەی تەلەفۆنیان کردووە نە کەسانی نووسەرن و نە شوێنپەنجەشیان دیارە بەوەی ژمارەی خوێنەرەکانم زیادبێ، بەڵام ئەوەم بەلاوە گرنگە، کە ئەوان بەوجۆرە بیریان کردۆتەوە.

***ڕەنگە ئەمە چرکەساتێکی خۆشی تۆ بێت وەکو نووسەرێك، کە خوێنەرێکت تەلەفۆنت بۆ دەکات و داوای ئەوەت لێ دەکات قسەی بۆ بکەیت و بە وردی گوێت لێ دەگرێ، ئەو چرکەساتە وەکو بڵێی گەیشتنە تڕۆپکی خۆشیی تۆیە، کەواتە بێگومان لەو کاتەشدا تۆ پێویستت بەو خوێنەرە هەیە...**

-ژیان بۆ خۆی گەمەیەکی نائومێدانەیە، نووسەریش ئەشێ بە هەندێ شت زۆر دڵخۆشبێ. ئەشێ بەوە دڵخۆشبێ کاتێك کەسێك پێمان دەڵێ، بەڕاستی ڕستەیەکی جوانت نووسیوە، بەڵام بە دڵی من ئەوانە هیچی دادی نووسین نادەن. نووسین ئەو ساتە تەنهایانەیە، کە تۆ لە ژوورەکەی خۆتدا، لە تەنهایی خۆتدا دەینووسی. ڕاستە ئەوە خۆشە، کە خوێنەرێك پێت دەڵێ نووسینێکی باشت نووسیوە، بەڵام ئەو خەیاڵەی دەڵێ لە داهاتوودا نووسینەکانت جێگا دەگرن و دوای ٥٠-١٠٠ساڵی تر دەخوێندرێنەوە لای من فلسێکی قەڵب ناهێنێ. دوای ٥٠ ساڵی تر نووسینەکە دەخوێندرێتەوە یان ناخوێندرێتەوە، ئەوە هیچ پەیوەندییەکی بە منەوە نییە، وەکو چۆن ئەو نووسینەی ئەمڕۆ بڵاوی دەکەمەوە بەیانی پەیوەندیی بە منەوە نامێنی، بۆیە هەستدەکەم نووسینیش یەکێکە لە گەمە شێتەکانی ئینسان.

***هەستناکەی لەو هاوکێشەیەدا کەسانی تر دێنە ناو ئەم گەمەیەی خوێنەرو نووسەرەوە، ئەوانیش خاوەن چاپخانە ئەهلییەکانن، بۆ نموونە بە کڕینی ڕۆمان لە نووسەرەکەو بە پێی ئاستی خوێنەرەکانی پارە دەدەن بە نووسەرەکەو تیراژی زیاتری لێ چاپدەکەن؟!**

-قوڕ بەسەر خوێنەری ئەمڕۆ! کورد بە حاڵەحاڵ چەند خوێنەرێکی دروستکردووە، بێگومان خوێنەرەکانی کوردیش مرۆڤە نەگبەتەکانی کوردن، بەخوا وەزیرەکانمان شت ناخوێننەوە، بەخوا پەرلەمانتارەکانمان شت ناخوێننەوە، بەخوا کادرە سیاسییەکانمان شت ناخوێننەوە.. ئەوەی ئەخوێنێتەوە ئەو کوڕە گەنجە هەژارەیە، کە پارەی پاسەکەی لە باوکی وەردەگرێ، لە باشترین حاڵەتدا فەرمانبەرێکە، کە موچەکەی ناگاتە دووسەد هەزار دینار، ئیتر نازانم بۆچی ئەبێ ئێمە بەوشێوە خراپە وەڵامی هەستی خوێندنەوەی ئەوان بدەینەوە؟! ئاستی نرخی کتێب ئەبێ بەرزبێتەوە؟ ئەڵێن، کە خوێنەر پارەیەکی زۆری بە کتێب دا ئیتر کتێبەکەی لا گرنگ دەبێ...! نەخێر، ئەوە تەنها فیکرەیەکی بازرگانییە.

***هەست ناکەی لە وڵاتی ئێمەدا هەرزانترین شت نرخی کتێبە؟ بۆ نموونە، تۆ دەچیت لە چێشتخانەیەکدا نانێکی نیوەڕۆ دەخۆی، ڕەنگە پارەی دوو سێ کتێب بدەیت. ئایا پێویستمان بەوە نییە نرخ بۆ کتێب بگێڕینەوە؟**

-ئەو قسەیەی تۆ دەیڵێی بۆ وڵاتێکی وەك (سوید) زۆر ڕاستە، بەڵام ئێمە سەعاتێکە لەسەر کولتووری نەخوێندنەوە لە کوردستاندا قسە دەکەین. ئێمە وڵاتێك نین خوێنەرانمان لەناو پاسدا بخوێننەوە، بەڵکو شەڕمانە لەسەر ئەوەی خوێنەر دروستبکەین، ئێستا بە هەر فڕوفێڵ و کەڵەکەیەك بێت کۆمەڵێك خوێنەرمان دروستکردووە، باشە بۆچی لەپێناو پارەو دەوڵەمەندکردنی خۆماندا ئەو خوێنەرانە بەکاربهێنین؟!.. برادەرێك بە منی دەگوت دەبێت نرخی کتێبەکانت گران بکەیت، بۆ ئەوەی شتێکت دەستبکەوێت. گوتم باشە منیش لەگەڵ ئەوەدام و وەکو نووسەرێك هەقی ئەوەم هەیە لە ئەنجامی نووسینی کتێبەکەمدا پارەیەکم دەستکەوێ، بەڵام کەی

ئەو پارەیەم دەستدەکەوێ؟ قوتابییەك لە وڵاتی ئێمەدا بەپێی ئەو بوودجەیەی هەمانە پێویستە مانگانە (٥٠٠) دۆلار وەرگرێ، ئەگەر ئەو مانگانە (٥٠٠) دۆلاری وەرگرت، منیش کتێبەکەم ئەکەم بە (١٠) دۆلار، بەڵام ئەو هەقی خوراوەو پارەکە ناچێتە گیرفانی، تائێستا پارە لە باوکی وەردەگرێ و ناچێ دیارییەکی پێ بکڕێ بۆ خۆشەویستەکەی و دێت دەیدات بە کتێب، ئیتر من ئەو هەڵوێستە جوان و مرۆڤانەیەی ئیستیغلال بکەم، بە بیانووی دەوڵەمەندبوونەوەو... من لەگەڵتدام، نووسەر پێویستە هەقی ماندووبوونی نووسینەکەی وەربگرێتەوە، بەڵام ئەمرۆ کە ناتوانێ لە ڕێی دەسەڵاتەوە هەقەکەی خۆی وەرگرێ، بۆچی تۆڵە لە خوێنەرەکەی بکاتەوە، خوێنەریش تاکە تاوانی ئەوەیە، کە چێژ لە خوێندنەوە دەبینێ.

***بەڵام ئێستا خوێنەر ئەگەر بیەوێت کتێبی دەستکەوێ، ڕەنگە کێشەی کڕینی نەبێت، چونکە لە زۆربەی شوێنەکاندا کتێبخانەی گشتی یان سەنتەرو ڕێکخراو هەیەو دەتوانێ کتێبیان لێ وەربگرێ بیخوێنێتەوەو دواتر بیگەڕێنێتەوە...**

-دەشێ لە هەموو شارێکدا کتێبخانە نەبێ. لە رانیە کتێبخانەیەکیان هەیە، لە هەموو شتێك دەچێت تەنها لە کتێبخانە نەبێ! لە سلێمانی تائێستا شوێنی کتێبفرۆشتن نییە!. ئەمە شارێکە ئێمە ئیدیعای ئەوە دەکەین (لەسەر قسەی وەزیری رۆشنبیری)، کە بیکەین بە پایتەختی ڕووناکبیری. زۆر سەیرە، لە پایتەختی ڕووناکبیریدا کتێب ئیهانە دەکرێ لەناو خۆڵداو لەسەر جادە دەفرۆشرێ!. جارێ نازانم پایتەختی ڕووناکبیری مانای چییە؟! کورد لەمەشیاندا دەیەوێت یەکەم بێ، تائێستا عیراق پایتەختی ڕووناکبیری نییە، تائێستا تورکیا پایتەختی ڕووناکبیریی نییە، ئەرێ بیستووتانە ئەمریکا پایتەختی ڕووناکبیریی هەبێ؟!...

*** پەیوەندیی نێوان خوێنەرو نووسەر زۆرجار دەبێت بە پەیوەندییەکی دوو ئاڕاستە، واتە پەیوەندیی نێوان خوێنەرو پاڵەوانی دەقەکە لەلایەك، و پەیوەندیی نێوان خوێنەرو نووسەری دەقەکە لەلایەکی ترەوە. بەرای تۆ پە یوەندیی نێوان کام لەم دووانە بەهێزترو ڕاستەقینەترە؟**

-ئەمە هەر کوردە نووسەرەکانی ئەوەندە نزیك و دیارن، دەبینرێن و دەتوانرێ پەیوەندییان لەگەڵدا بکرێ، بەڵام جوانترین پەیوەندی ئەوەیە، کە تۆ پاڵەوانی ناو کتێبەکان دەبینیت و دەتوانی قسەیان لەگەڵدا بکەیت.

من هیچ بەهایەك بۆ ژیانی خۆم دانانێم وەکو (جەبار)، باشترین بەهای من ئەوەیە، کە پەیوەندیم لەگەڵ پاڵەوانەکانی خۆمدا هەیە. ئێستا خەریکی نووسینی رۆمانێکی تازەم، هەمیشە پاڵەوانەکانی ناو ئەو رۆمانە ملم دەگرن و لێم دەپرسن: تۆ چییت ئەو هەموو چاوپێکەوتنە دەکەیت؟ بۆچی ئەوەندە زۆر دەچیتە دەرەوە؟ ئەوەتا ئێمەت بەتەنها جێهێشتووە... لەمەوە هەستدەکەم خیانەتم لێیان کردووەو دەبێ زوو بگەڕێمەوە لایان. بۆیە ئەگەر خوێنەر بیەوێ پەیوەندی لەگەڵ مندا دروستبکات، دەبێ لەرێگەی نووسینەکانمەوە بێت. من هەمیشە ڕێزێکی بێ ئەندازم هەیە بۆ ئەو خوێنەرانەی لە ڕێگەی نووسینەکانمەوە دەمناسن، بەڵام ئەو کەسانەی لەڕێی بواری کۆمەڵایەتییەوە دەمناسن دەشێ یەکتریمان خۆشنەوێ، ڕەنگە پێویست نەکات یەکتری ببینین. بۆیە جوانترین پەیوەندی، پەیوەندیی خوێنەرە بە بابەتەکەوە، سەرکەوتووترین بابەتیش ئەوەیە، کە کەسایەتییەکان دەکات بە کەسایەتیی زیندوو لای خوێنەر. ئێمە دەیان شت دەخوێنینەوە، بەڵام کەسایەتییەکانی مردوون، ڕەنگدانەوەیەکیان نابێت، ناوەکانیانمان بیر نامێنێ، نایانبینین، نایانناسین، نەماندیون، ئەو کەسانە زوو دەمرن، هەروەکو چۆن کاتێك لە چاوەڕێی پاسدا دەوەستین، کۆمەڵێك کەس بە بەرچاوماندا تێدەپەڕن و هیچمان لا

دروستناکەن، بەڵام پاڵەوانی جددی لەناو ئەدەبدا ئەو کەسەیە، کە لەلات دەمێنێتەوەو لە پاسەکەدا لەگەڵت سواردەبێ و دواتر مێژوویەکت لا جێدەهێڵێ.

*** لەکوێی ئەم قسانەدا کە بۆ ئێمەت کردن و لەو دیدارانەشدا کە پێشتر ئەنجامت داون، هەستناکەی خەریکە بانگەشەو حەملەیەکی گەورەی ڕاگەیاندن بۆ خۆت دەکەیت، بۆ دروستکردنی خوێنەر؟**

-ئەم قسەیە زۆر زۆر جوانە، بەڵام من لێرەوە رایدەگەیەنم و پێشتریش رامگەیاندووە، حەزناکەم لەمەودوا بەهیچ شێوەیەك چاوپێکەوتن بکەم، بەڵام ناتوانم دڵی ئەو هەموو خەڵکە بشکێنم، لە شوێنێکیشدا مرۆڤ پێویستە هەندێ روونکردنەوە بدات لەسەر کارەکانی. من لە ژیانمدا دووکار هەیە، کە دەمەوێ ئەنجامیان بدەم، یەکەم: دەمەوێ خەریکی ئەدەب بم و ئەوەی نەمتوانیوە تائێستا ئەنجامی بدەم هەوڵی بۆ بدەم. دووەم: حەزدەکەم مانگی وتارێك بنووسم. ئەمە دوو ئیشی سەرەکیی ژیانی منە، ئیتر هەستدەکەم دیدارو چاوپێکەوتنەکان زۆربەیان کات بەفیڕۆدان و وشە بەخەساردانن.

***ئەگەر سەیری تیراژی کتێب بکەین لە پێش راپەڕیندا، دەبینین لەو سەردەمەدا کتێبەکان تیراژیان زۆر زۆر بووەو جاری وابووە گەیشتووەتە (١٠-١٥) هەزارو زیاتریش، بەڵام ئێستا لەگەڵ ئەوەی تیراژی کتێب زۆر کەمبووەتەوە**، کەچی گەلێك جار بەو کەمییەشەوە نافرۆشرێن و لە بازاڕو مەخزەنەکاندا دەمێننەوە. هۆکاری ئەمە بۆچی دەگێڕێتەوە؟

-تۆ باسی پێش راپەڕینت کرد، پێش راپەڕین خوێندنەوەو نووسین بەشێك بوون لە شۆڕشگێڕی، ئەمە دیوێکی باش بوو، دیوێکیشی زۆر خراپ بوو. دیوێکی خراپ بوو، کە ئێمە ئاستی بیرکردنەوەمان هەموو وەکو بەرگریکردنێك لە خۆمان شتمان دەنووسی. ئاستی ئیستاتیکی و داهێنانمان مردبوو. دیوە باشەکەی ئەوەیە، کە دەستە جەمعییەك لە خوێندنەوەدا هەبوو. تۆ هەر کۆدێکی تازەت لە چیرۆکێکتدا داهێنابایە، خوێنەرەکانت زۆر بە ئاسانی لە هەموو شوێنێك ئەو کۆدەی تۆیان کەشف دەکرد، چونکە رۆحییەتێکی هاوبەش هەبوو، شتێك هەبوو لە شوێنێکدا هەر هەموومانی ئازارداوە. ئەو شتە هەر کۆدێکت بۆی دروستبکردایە، لای خوێنەرەکەت زۆر زوو ئاشکرادەبوو، بۆیە دەبینی لەوکاتەدا خوێنەر زۆرتر بوو، لەگەڵ ئەوەدا شوێنی سەرفکردنی کتێبیش زۆرتر بوو. ئەوکاتە دەسەڵاتێکی مەرکەزی هەبوو، کە پەخشکردنی کتێبی کەوتبووە ئەستۆ، دەیگەیاندە هەموو کتێبخانەو کەسێك. ئەمڕۆ پەخشکردن یەکێکە لە دەردە هەرە کوشندەکان، لەلایەکی ترەوە ئاستی خوێندنەوە لە هەموو شوێنەکان ئێستا بەرەو نزمیی دەڕوات. ئەمڕۆ کتێب چاپکردن لە کوردستان دوو شێوە دەگرێتەوە. هەندێ کتێبی باش هەیە فۆتۆکۆپی دەکرێنەوەو بە نرخی گرانتر لە خۆیان دەفرۆشرێن، ئەوانە کتێبی چاکن، بەڵام دەزگاکان، بەتایبەت هەردوو وەزارەت هەندێ کتێبیان چاپکردووە، بەڕاستی کتێبی بێکەڵك بوون و خەڵکیان لە کتێب توورەکرد، وەکو چۆن شانۆکارەکان بینەریان توورەکردو ئەمڕۆ شانۆ بینەری نییە. من ساڵی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٦ بە ساڵی زێڕینی کتێبی کوردی ناودەبەم. لەو ساڵانەدا هەستدەکەم کتێب خوێنەری زۆربوو و باس دەفرۆشرا. هەڵبەت کێشەی کەمبوونەوەی خوێنەر تایبەت نییە تەنها بە کوردستان، حەز دەکەم باسی نموونەی ئێرانتان بۆ بکەم. لە ساڵی چلەکانی ئێراندا، واتە نزیکەی (٤٥-٥٠) ساڵێك لەمەوپێش، تیراژی کتێبیان (٣٠) هەزار دانە بووە، بەڵام دوا رۆمانی (مەحمودی دەوڵەت ئابادی)، کە دوو ساڵ لەمەوبەر چاپکرا، تیراژەکەی (٣) هەزار دانەبوو، راستە لە هەفتەی دووەمدا جارێکی تر چاپکرایەوە، بەڵام ئەمجارەشیان (٢) هەزاری لێ چاپکرا، ئەگەر تائێستا سێ جاریش چاپکرابێتەوە، ئەوجا دەگاتە دە هەزار دانە، دەبێ یەك شتی زۆر

گرنگیشیمان لەیادبێ، ئێران (٤٥) ساڵ لەمەوبەر ژمارەی دانیشتوانی (٣٠-٣٥) ملیۆن کەس بووە، بەڵام ئێستا (٧٥) ملیۆن کەسە. دەشێ ئەمە پرسیارێکی تر دروستبکات و بڵێین، ئەمە بۆ؟ بەنیسبەت ئێرانەوە ئەمڕۆ ژانرەکان جیابوونەتەوە. ئەوەی ئەدەب دەخوێنێتەوە، دەشێ فەلسەفە یان کۆمەڵناسی نەخوێنێتەوە، هەرچەندە ئەدەب لە هەموو شوێنەکاندا باڵادەستەو زۆرترین خوێنەرەکان خوێنەری ئەدەبن. کەسێك کۆمەڵناسی دەخوێنێتەوە، کە لەو بوارەدا ئیشبکات، بەڵام بەشی زۆری خوێنەرەکان ئەدەب دەخوێننەوە.

***هەندێ کتێبی تر هەیە تیراژیان زۆر زۆرەو چەند جارێکیش چاپ دەکرێنەوەو خوێنەرێکی بەرچاویان هەیە، لە هەمانکاتدا کتێبی زۆر خراپن. دەکرێ بزانین رات لەسەر ئەو خوێنەرانە چییە؟ ئایا ئەو کتێبانە دەتوانن خوێنەری جددی دروستکەن، یان بە پێچەوانەوە خوێنەران بەرەو ناجددییەت دەبەن؟**

-لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەندێك کایە هەیە پشتگوێ خراون، بۆنموونە کایەی (سێکس)، ئیتر کاتێك کەسێك دێت لە ئاستێکی زۆر سادەو نزمدا ئەو بابەتە دەخاتەڕوو، بێگومان خوێنەر بەدوای دەکەوێ، ئەو خوێنەرانە زۆرجار تەنها وشەی سێکس دەبینن لەسەر بەرگی کتێبەکە، لەخۆشیان باڵدەگرن و بەلایانەوە شتێکی گرنگە. وەکو پێشتر باسمکرد، زۆربەی خوێنەرەکانی ئێمە ئاستی خوێندنیان زۆر نزمە.

***ببوورە زۆربەی خوێنەرەکانی ئەو کتێبانە خوێندکارن یان دەرچووی زانکۆ و پەیمانگان...**

-با من یەك شتتان پێ بڵێم، ئەمڕۆ خوێندکاری زانکۆ (لەگەڵ رێزم بۆیان) ژمارەیان زۆر کەمە ئەوانەی دەخوێننەوە. تۆ سەیری ئەو ژمارە زۆرە بکە، کە ساڵانە لە زانکۆکان دەردەچن یان وەردەگیرێن، ئەگەر ئەو هەموو خوێندەوارەمان هەبوایە دەبوو نووسەرەکانی ئێمە ئێستا دەوڵەمەندترین کەس بوونایە، چونکە هەر کتێبێك ئەگەر (٥٠٠٠) دانەی لێ بفرۆشرایە، نووسەرەکەی نزیکەی دە هەزار دۆلاری دەستدەکەوت، کەواتە لە ساڵێکدا ئەگەر من دوو کتێبم چاپبکردایە بیست هەزار دۆلارم دەستدەکەوت، ئیتر پێویستیم بە هیچ نەدەبوو، بەڵام بەداخەوە زانکۆکان تەنها بۆ دواخستنی ماوەی بێکاریی قوتابییەکانە، هەندێ کەس هەیە لەسەریان فەرزکراوە، کە دەبێ بێکاربن، بۆیە کاتێك لە قوتابخانە تەواودەبن و بۆ ئەوەی بێکاربوونەکەیان چەند ساڵێك دوابخرێ دەچنە زانکۆ!.